# پوختەی ڕاپۆرت

## "ئەوان پیاوان فێر دەکەن چۆن لە تاوانی دەستدرێژی سێکسی و کوشتن ڕزگاریان بێت."

بەڕێوەبەری یەکێک لە پەناگەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ڕزگاربووانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری لەنێویاندا توندوتیژی خێزانی، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو، و هەندێکجاریش بەربەست دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری و پاراستن، سەرەڕای ئەو ڕاپۆرت و دامەزراوانەی پاراستن کە لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزرێنراون، لەگەڵ هەبوونی یاسا ؛کە توندوتیژی خێزانی بە تاوان دەزانێت - کە لەم ڕووەوە لە تەواوی ناوچەکانی تری عێراق جیاوازە و پابەندبوونی زارەکی بەردەوام لە بەرزترین ئاستدا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

لەگەڵ ئەمەشدا، دوای ١٣ ساڵ لە دوای تێپەڕاندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، توێژینەوەکانی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ دەریخستووە کە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەربڵاو و بەردەوامە بەهۆی دوو هۆکارەوە، یەکەمیان سیستەمێکی دادوەری کە ئەنجامدانی تاوان بێ لێپرسینەوەی یاسایی زیاتر دەکات، دووهەمیان چوارچێوەیەکی پاراستنی هاوڵاتیان کە شەکەت و کەم بودجەیە. هۆکاری دووهەم، ڕێگری لە توانای ژنان و کچان دەکات بۆ گرتنەبەری هەنگاوی یەکەم تاوەکو بە سەلامەتی لە دەستدرێژی و توندوتیژی ڕزگاریان بێت، لە کاتێکدا هۆکارەکەی تر هەر هەنگاوێکی لەم جۆرە بێهودە دەکات.

بۆ لێکۆڵینەوە لەم بەربەستانەی بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی، ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ سەردانی ئۆفیسەکانی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکان و ئەو پەناگانەی کردووە کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بەڕێوەدەبرێن، چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی ئاستی باڵا لەو دامەزراوانەدا کردووە کە ئەرکی وەڵامدانەوەی توندوتیژی خێزانیان پێسپێردراوە، گفتوگۆی لەگەڵ کارمەندانی کەیسەکان، پارێزەران و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ١٥ ژنی ڕزگاربووی توندوتیژی خێزانی، کردووە. ئەو کەیسانەی کە ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ چاوی لێکردبوو بریتی بوون لە کوشتن، دەستدرێژی سێکسی، بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵانیشەوە، لێدان، سووتاندن، بڕینی بەشەکانی جەستە، سووکایەتی پێکردن و تاشینی سەر و برۆ بە زۆرەملێ. هەروەها توێژینەوەکە حاڵەتەکانی خۆکوشتن، هەوڵدان بۆ خۆکوشتن و خۆسوتاندنی لەخۆگرتووە.

لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە ئەو یاسایانەی کە کردەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کچان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە تاوان دەزانن، ناتەواون یان تەنها نووسینی سەر کاغەزن بەهۆی هەبوونی جیاوازی زۆرەوە، و سستی لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری، لاوازکردووە. لە دادگادا، پرۆسە خاوەکان، نەبوونی توانای دادوەری؛ کە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کەمی ژمارەی دادوەران و نەبوونی دادگای تایبەتمەندەوە دروست دەبێت- و دەسەڵاتی ئیختیاری دادوەرەکان کە بەهۆی هەبوونی یاسایی ناروونەوە سەرچاوەی گرتووە؛ لە باشترین حاڵەتدا دەبنە هۆی دەرکردنی سزایەک کە لەگەڵ سەنگ و قورسای تاوانە ئەنجامدراوەکەدا نەگونجێن و ئازەرەکانی کە ڕزگاربووان بەهۆی باسکردنی تاوانەکەوە چەشتوویانە قووڵتر بکاتەوە. ڕزگاربووان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵدا (لێبوردنی نێودەوڵەتی) باسیان لەوەکرد کە چۆن ژنان و کچان لە دادگاکاندا لەلایەن دادوەرەکانەوە ڕووبەڕووی سووکایەتیکردن بوونەتەوە بەهۆی لە پێشینە دانانی " پاراستنی خێزان" لە پێش دادپەروەریەوە کە بە هۆی چەقبەستووی نەریتە جێندەری و تۆمەتبارکردنی قوربانیەکەوە سەرچاوەی گرتووە، و لە ئەنجامدا بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕزگاربووەکان دووبارە ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ ببنەوە کە لە هەندێک کەیسدا بۆتە هۆی مردنیان.

لە گەڵ ئەوەی ئامارێکی ورد لەسەر ڕووداوەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری و کوشتنی ژنان و کچان لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیە، بەهۆی بڵاونەکردنەوە لەلایەن ژنان و خێزانەکانیان و نەبوونی میکانیزمی چاودێریکردنی گونجاوەوە، لەم ساڵانەی دواییدا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەزگا فەرمییەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق زیاتر باس لە کوشتنی ژنان و کچان دەکەن، بەتایبەتی لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە. چالاکوانان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی مافەکانی ژنان نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە نەبوونی هەنگاوی کاریگەر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ ناسینەوە و سزادانی تاوانباران و زیاتر سنووردارکردنی زانیاری سەبارەت بەو تاوانانە. کاربەدەستانی حکومەت

ڕایانگەیاندووە کە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا لانیکەم ٣٠ ژن کوژراون، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ٤٤ ژن کوژراون. بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵیان ڕاگەیاند کە ژمارەکان لەوانەیە زۆر زیاتر بن.

ئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە پشت دەبەستێت بە دوو گەشتی توێژینەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە مانگی ئازار و ئەیلولی ٢٠٢٣ بۆ هەولێر و سلێمانی و هەروەها ناوچەی ئیداری گەرمیان. ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ ڕێگەی پێدرا بچێتە دوو لە سێ پەناگە هەمیشەیی و تاکە پەناگەی کاتی ٧٢ کاتژمێری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ ١٥ ژنی ڕزگاربووی توندوتیژی خێزانی، بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان کە کار لەسەر مافەکانی ژنان دەکەن، ڕۆژنامەنووسان، کارمەندانی میدیا، و پارێزەران کە کار لەسەر کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی دەکەن. هەروەها ڕێکخراوەکە چاوپێکەوتنی ئەنجامدا لەگەڵ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەرپرسانی دیکەی وەزارەتەکە، بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان(DCVAW)، ئەفسەرانی پۆلیس وئەندامانی مەدەنی بەڕێوبەرایەتیەکە، بەڕێوەبەرانی پەناگە و توێژەری کۆمەڵایەتی پەناگەکان، لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێم، دادوەرێک و هەردوو ئەندامی یەکەی یەکسانی جێندەری لە وەزارەتی لە وەزارەتی داد.

## سیستەمێکی دادپەروەری کە بەردەوامی بە ئەنجامدانی تاوان بێ لێپرسینەوەی یاسایی دەدات

> **"هیچ نیازێک بۆ دادپەروەری نییە. وەک ئەوە وایە کاتێک کە ژنەکە مرد، هیچ سوودێکی نەبێت کە هیچ لەو بارەیەوە بکەیت... ئەوە چی دەڵێت بەو پیاوانەی بیر لە کوشتنی ژن، خوشک و کچەکانیان دەکەنەوە؟ کە بەشە قورسەکە تەنها کوشتنەکەیە؟ ئەوان [دادگاکان] دەیانەوێت تۆمەتبارەکە خۆی ڕادەست بکات و دواتر کەسێک لەسەر سینی بەڵگەیان بۆ بهێنێت."**

پارێزەرێک کە لەگەڵ ڕێکخراوێکی ناحکومی کاردەکات کە هاوکاری یاسایی پێشکەش بە قوربانیانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری دەکات.

یەکێک لە بەربەستە جددیەکانی بەردەم بەرەنگاربوونەوەی کولتوری ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی جێندەری وخێزانی بێ لێپرسینەوەی یاسایی ئەوەیە کە ڕزگاربووان خۆیان دەبێ سکاڵای یاسایی لە دژی دەستدرێژیکارەکەیان تۆمار بکەن. داواکاری گشتی بە دەگمەن یا هەرگیز، دۆسیەی تاوانبارکردن لە دژی دەستدرێژیکاران ناوروژێنێت، تەنانەت لە حاڵەتەکانی توندوتیژی جەستەیی زۆر توندیشدا، ئەگەر سکاڵای تاکەکەسی لەلایەن ڕزگاربووەکە یان خێزانەکەیەوە تۆمارنەکرابێت.ئەو ژنان و کچانەی سکاڵای یاسایی لەسەر دەستدرێژکارەکانیان تۆمار دەکەن زۆرجار لەلایەن دەستدرێژکار یان خێزانەکانیانەوە ڕووبەڕووی تۆڵەسەندنەوە، هەڕەشە و تۆقاندن دەبنەوە بەهۆی ئەوەی سکاڵایان تۆمارکردووە، زۆرجار ئامانج لەم گوشارانە بۆ فشارخستنە سەریانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سکاڵاکانیان.

جگە لەوەش پرۆسەی دادپەروەری تاوان خاو و درێژخایەنە و دادوەرەکان لەم کەیسانەدا لایەنگرییان بەرامبەر بە پیاوانی دەستدرێژیکار نیشانداوە، لەوانەش بە سەپاندنی سزا کە هاوتا نییە لەگەڵ قورسایی و سەنگی تاوانەکە. زۆرجار ژنان و کچان لەسەر دەستی ئەو دادوەرانەی کە "یەکگرتنەوەی خێزان" بە لە پێشینە تر لە پاراستنی ژنان دەزانن، ڕووبەڕووی سووکایەتیکردن دەبنەوە ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان و کچان بە دوای دادپەروەریدا نەگەڕێن و زۆرێک لە ژنان و کچان سکاڵایان لە دژی دەستدرێژیکارەکانیان بکشێننەوە. هەروەها، بەپێی یاسای توندوتیژی خێزانی، ژنان دەبێت بە ناچاری بە لیژنەیەکی ئاشتەوایی لەگەڵ دەستدرێژیکارەکەیاندا تێپەڕ ببن پێش ئەوەی دادوار دۆسیەی دادگاییکردن دەستپێبکات.

کارمەندێکی  تری کەیسەکان لە یەکێک لەو پەناگانەی کە ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ سەردانی کردبوو باسی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کچێکدا کرد کە سکاڵای یاسای لەسەر براکەی تۆمار کردبوو، دوای ئەوەی براکەی دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەری و بەو هۆیەوە دووگیان بوو. کارمەندی کەیسەکە ووتی:

" کاتێک لەگەڵیدا ڕۆیشتین بۆ لای دادوەری لێکۆڵینەوە، دادوەرەکە یەک جار تەماشای کرد و ووتی 'بۆچی سەرت داپۆشیوە؟ ئەم جل و بەرگە ڕێزدارانە چین؟ ئەگەر تۆ کچێکی وەها ڕەفتار باش بوویتایە ئەمەت بەسەر نەدەهات.' کچەکە بۆ چەند کاتژمێرێک گریا و چنگی لە دەموو چاووی خۆی دەدا. براکەی لە زیندان بوو، بەڵام خێزانەکەی قەناعەتیان پێکرد کە سکاڵاکەی هەڵبوەشێنێتەوە. براکەی ئێستا لە لە زیندان دەرچوو و ڕایگەیاندووە کە ئەگەر خوشکەکەی پەناگەکە بەجێ بهێڵێت، ئەوا ئاگاداری ئەو و منداڵەکە دەبێت، بەڵام کچەکە باوەڕ بەمە ناکات. من هیچ لۆمەیەکی ناکەم. چەندین  کچ و ژن بەم شێوەیە بەرەو مەرگ پەلکێشکراون."

کارمەندێکی دیکەی کەیسەکان لە پەناگەیەکی تردا ووتی: '' ژنان نایانەوێت بچنە دادگا چونکە لێیان دەپرسن 'چیت لێ کردوە تاوەکو وای لێبکەی ئەوەت لەگەڵ بکات؟' قوربانیان نابێت پرسیاری ئەوەیان لێبکرێت کە چیان کردووە تاوەکو رووبەڕووەی لێدان، چەقۆوەشاندن و تەقەکردن ببنەوە''

ئەگەر رزگاربووان سکاڵاکانیان لە دژی دەستدرێژیکارەکەیان هەڵبوەشێننەوە – جا بەهۆی پرۆسەی ئاشتەوایی ناچاری، فشاری خێزان یان بۆ دەربازبوون لە بارودۆخی پەناگەکان بێت، تاکە پارێزبەندی کە داواکاری گشتی یان دادگا لە دەستدرێژکار داوای دەکات ئەوەیە کە "بەڵێننامەی نەگەیاندنی هیچ زیانێک" لەگەڵ داخستنی کەیسەکەدا واژۆ بکات. ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچانە دوای ماوەیەکی کورت لە واژۆکردنی ئەم بەڵێننامانە لەلایەن دەستدرێژیکارەکانیانەوە کوژراون.

بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان(DCVAW)، کارمەندێکی کەیسی پەناگەکەیەک و پارێزەرێک باسی کەیسێکی زۆر دڵتەزێنیان بۆ رێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ کرد کە دوو خوشکی تەمەن ١٧ و ١٩ ساڵان دوای جێهێشتنی پەناگە بەماوەی تەنها مانگێک لەلایەن باوکیانەوە لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٠ کوژراون. هەردوو کچەکە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە فشاریان خرابووە سەر کە سکاڵاکانیان لە دژی باوکیان هەڵبوەشێننەوە و دادگاش "بەڵێننامەی نەگەیاندنی هیچ زیانێک"ی لەلایەن باوکەکەوە قبوڵکردبوو.

تەنانەت لەو حاڵەتانەی کە ژنان بە هۆکاری بەناو "شەرەف"وە دەکوژرێن، رێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ بۆی دەرکەوتووە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی چەسپاندنی یاسا زۆرجار لایەنگری ئەندامانی بنەماڵەی قوربانییەکان؛ واتە تاوانباران دەکەن و ژیانی تایبەتی لە پێشینەی دادپەروەری دادەنێن.

پارێزەرێک باسی کەیسێکی بۆ ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ کرد کە دادوەرێک سزای ١٢ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر پیاوێکدا سەپاندووە بەهۆی بە ئەنقەست کوشتنی هاوسەرەکەیەوە، کە تاوانێکە بە شێوەیەکی ئاسایی سزاکەی بریتییە لە زیندانی هەتاهەتایی یان سزای لەسێدارەدان:

''ئەو بە بێ هیچ شەرم و بەزەییەک لە دادگادا وەستا و ووتی 'بەڵێ، من ئەوم کوشتم. ئەو بێ رەوشت بوو و قسەی لە رووما دەکرد...' ئەو بەستبوویەوە و بەر چەقۆی دابوو. ئەوەندە بە خراپی ملی بری بوو [سەری] بەحاڵ بەسەر جەستەیەوە مابووەوە''

## ناتەواوی و کەمی بودجە لە میکانیزمەکانی پاراستندا

کەمی بودجەی پێویست توانای دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاراستن بە شێوەیەکی کاریگەر کەمدەکاتەوە، لەوانە راپۆرتکردن، راوێژکاری یاسایی، ناوەندەکانی راوێژکاری خێزان، راوێژکاری و هاریکاری دەروونی-کۆمەڵایەتی، و شوێنە سەلامەتەکان کە هاوکاریی رزگاربووان دەکەن بڕیاری درووست سەبارەت بە سەلامەتی و ژیانیان بدەن .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان(DCVAW)؛ قەوارەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدا لەگەڵ کارمەندانی حکومی و یەکەیەکی تایبەتی پۆلیس وەک یەکەیەکی چەسپاندنی یاسا کاردەکات بۆ ئاسانکاری راپۆرتکردن و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی دەستدرێژیکردن و یەکەم خاڵی هاوکارییە بۆ رزگاربووانی توندوتیژی خێزانی. بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیەکە لەبارەی کەمیی بودجە بە ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ راگەیاند، سەرەرای ئەوەی بەپێی یاسا وەزارەتی ناوخۆ پێویستە بودجەی ساڵانە تەرخان بکات، بەڵام وەزارەتەکە نەیتوانیوە بودجەی ساڵانە تەرخان بکات. نەبوونی پشتیوانی دارایی لەگەڵ دژایەتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکە، توانای وەڵامدانەوەی بۆ سکاڵاکانی رزگاربووان و پشتگیریکردنیان لە پرۆسە تاوانکارییە درێژخایەنەکاندا، پەکخستووە؛ واتە رزگاربووان دەخرێنە ژێر فشاری دارایی زیاترەوە و بە تەنها دەمێننەوە لە سیستەمە دادوەرییەکاندا.

تەنها ئەو ژنان و کچانەی کە مەترسی دەستبەجێی کوشتن یان بریندارنبوونی سەختیان لەسەرە دەتوانن بچنە یەکێک لە سێ پەناگە هەمیشەییەکان یان پەناگەی فریاگوزاری کاتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق؛ کە ئەو دەستدرێژیانە وەلادەنێت کە لەو ئاستە کەمتر بێت. ژنان و کچان پێویستیان بە فەرمانی دادگا هەیە بۆ چوونە ژوورەوە و دەرچوون لە پەناگەکان، کە تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانرێت دابینبکرێت کە سکاڵای یاسایی لەسەر دەستدرێژیکارەکەیان تۆمار بکەن. ئەم مەرجە لە راستیدا ئەو رزگاربووانە وەلا دەنێت کە لە تۆمارکردنی سکاڵا دەترسن، بەهۆی هەبوونی ترس لە تۆڵەسەندنەوە، دوورخستنەوە یان توندووتیژی لە داهاتوودا لە کۆمەڵگایەکدا کەبیری پیاوسالاری و خێڵەکەی زاڵە.

کاتێک لە پەناگەکاندان، ئازادی جوڵەی ژنان و کچان و دەستڕاگەیشتن بە تەلەفۆن و ئینتەرنێت بە توندی سنووردار دەکرێت، کە هۆکاری رێگرین بۆ ئەو ژنانەی بیر لەوە دەکەنەوە کە دۆخی دەستدرێژیکردن تێپەرێنن. رێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ بۆی دەرکەوتووە کە

ئەم سنووردارکردنانە بۆ ئازادی هاتوچۆ و پەیوەندیکردن نەگونجاوە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی ڕزگاربووە.هەروەها ئەو بارودۆخە توندانەی کە ڕزگاربووان دەتوانن پەناگەکان جێبهێڵن، نیگەرانیەکانی بەهەرەمەکی لێسەندنەوەی ئازادیەکان دەوروژێنن.

دەرچوون لە پەناگە تەنها لەلایەن دادگا و لە کاتی یەکلابوونەوەی کەیسەکەدا گەرەنتی دەکرێت. لە پراکتیکدا زۆرجار چونکە ڕزگاربووەکە سکاڵاکەی دژی دەستدرێژیکارەکەی دەکشێنێتەوە یان ئەگەر دادگا و بەڕێوەبەرایەتی پەناگەکە بزانن کە چیتر ڕزگاربووەکە لە مەترسیدا نییە. نمونەیەک لە کاریگەرییە دڵتەزێنەکانی ئەم مەرجە توندانەی دەرچوون، لە پەناگەی سلێمانی ڕوویدا کاتێک یەکێک لە ڕزگاربووەکان کۆتای بە ژیانی خۆی هێنا کاتێک دادگا ڕەتیکردەوە داواکاری بۆ دەرچوونی خۆبەخشانە پێ ببەخشێت.

لە میانی سەردانێکی مەیدانیدا بۆ دوو پەناگە هەمیشەیی و پەناگە کاتیەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ بۆی دەرکەوت کە پەناگەکان لە دۆخێکی خراپدان، قەرەباڵغن، کەم کارمەندن و ئامێری گونجاویان بۆ پێداویستییەکانی ڕزگاربووان نییە .پەناگەکان هیچ ڕاهێنانێکی پیشەیی، خوێندن، یان هاریکاری دەروونی-کۆمەڵایەتی پێشکەش ناکەن، ئەم ژن و کچانە بەبێ پێداوویستی پێویست دەمێننەوە بۆ پشتگیریکردنی خۆیان لە دەرەوەی پەناگەکان لەئەگەری وەرنەگرتنەوەیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە.

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دانی بە خراپی دۆخ و سنوورداریی پەناگەکاندا نا بۆ ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ، و بەرپرسانی دیکە ووتیان لە چارەسەرکردنی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری، کەمتەرخەمی هەبووە لە پابەندبوونی سیاسی و ڕوانگەی باشترکردنی پاراستنی ڕزگاربووان. یەکێک لەو کەسانەی کە ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرد، ئەو پەناگانەی بە "زیندانێک کە قوربانی تێدایە" پەسن کرد.

## لاوازییەکانی یاسا

**"پیاوان نایانەوێت سزای پیاوانی تر بدەن."**

بەڕێوەبەری پەناگە.

نارِوونی و ناهاوتەریبی لە یاساکانی توندوتیژی خێزانی؛ کە توندوتیژی دژی ژنان و کچان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە تاوان دەزانێت، بووەتە هۆی کەلێن لە پاراستندا، ئەمەش ڕێگەی بە تاوانباران داوە لە لێپرسینەوە هەڵبێن. سەرەڕای هەموارکردنەوەی یاسایی بۆ بڕگەکانی یاسای سزادانی عێراقی کە "شەرەف" وەک هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی سەنگی حاڵەتەکانی کوشتن و تاوانە گەورەکانی دیکەی دژ بە ژنان دادەنێت، بەڵام ئەنجامدانی تاوانی "کوشتن بەهۆی شەرەفەوە" بێ لێپرسینەوەی یاسایی وەکو نەریتێک لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ماوەتەوە. ئەو بڕگانەی کە هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان لە دژی ئەنجامدەرانی دەستدرێژی سێکسی پووچەڵ دەکەنەوە ئەگەر دەستدرێژکارەکە هاوسەرگیری لەگەڵ قوربانییەکەی بکات، لەگەڵ هەر سزایەک کە پێشتر بۆ دۆسیەکە دەرچووە و دواتر هەڵوەشێندراوەتەوە، هێشتا کارپێکراوە.

یاسای یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەرچەندە هاوتا نیە و جیاوازە لە عێراق – هێشتا بەڕوونی دەڵێت کە ئامانجەکەی "پاراستنی یەکێتی خێزانە لە دیاردەکانی توندوتیژی خێزانی" نەک بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دابینکردنی پاراستن و دادپەروەری بۆ ڕزگاربووان.

هەموو ئەو پارێزەرانەی نوێنەرایەتی ڕزگاربووانی توندوتیژی خێزانی دەکەن و لەلایەن ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، ڕایانگەیاند، کە دادوەرەکان زیاتر پاراستنی "یەکێتی خێزانیی" لە پێشینەی پاراستنی ئەو کەسانەی تووشی توندوتیژی خێزانی بوون دادەنێن. ئەم دۆخەش زیاتر تەشەنە دەسێنێت بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە یاسای توندوتیژی خێزانی پرۆسەی ئاشتەوایی ناچاری لەخۆدەگرێت ؛کە دادوەری لێکۆڵینەوە پابەند دەکات کە لێکۆڵینەوەی تاوانەکان ڕەوانەی لیژنەیەکی ئاشتەوایی بکات پێش ئەوەی بڕیار بدات کە ئایا بەردەوام بێت بۆ دادگاییکردن یان نا.

پرۆسەکانی ئاشتەوایی ناچاری هاوتەریب نیە و ناکۆکە لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەی کە قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری بە کرۆکی پرۆسەکە دەزانێت و بەربەست لە پرۆسەی دادپەروەریدا درووست دەکات . ڕزگاربووانی توندوتیژی خێزانی مافی ئەوەیان هەیە کە بەشداری لە هەموو پرۆسەکانی بڕیارداندا بکەن کە کاریگەری هەیە لەسەریان.

هۆکاری دیکەی یاسایی هەیە کە دەرفەتی پاراستنێکی بەهێزی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری لە دەستدەدات. بۆ نموونە، لە کاتێکدا یاسای توندوتیژی خێزانی دەستدرێژی سێکسی هاوسەرگیری بە تاوان دەزانێت، کە یاسایەکی دەگمەنە لە ناوچەکەدا، بەڵام وەک تاوانێکی

بچووک مامەڵەی لەگەڵ دەکات لەبری تاوانێکی گەورە، ئەمەش نیگەرانییەکان سەبارەت بەوەی کە سزاکان هاوتا نەبێت لەگەڵ قورسایی و سەنگی تاوانەکە زیاتر دەکات. یاسای توندوتیژی خێزانی دەسەڵاتی ئیختیاری دەداتە دادوەرەکان بۆ جێبەجێکردنی مادده پەیوەندیدارەکانی یاسای سزادانی عێراقی، یاسای باری کەسی و هەروەها "یاسا پەیوەندیدارەکانی دیکەی کارپێکراو" کە باشتر لەگەڵ تاوانەکەدا دەگونجێت یان سزایەکی زیاتر بۆ تاوانە ئەنجامدراوەکە دیاری دەکات. بەڵام هیچ یاسا و سیاسەتێک ئاماژە بەوە ناکات کە لە چ سەنگ و قورساییەکدا پێوستی بەمە دەکات. لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەکانی ئەم ڕاپۆرتە دەریانخستووە کە لە هەندێک حاڵەتدا پێچەوانەکەی ڕاستە و دادوەران سوودیان لە بڕگە نەرمەکانی یاسای سزادان وەرگرتووە.

بەڕێوەبەری یەکێک لە پەناگەکان بەم شێوەیە باس لە کەیسی کچێکی تەمەن ١٦ ساڵان دەکات کە لەلایەن ئامۆزایەکی تەمەن ٢٦ ساڵەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر:

**"دادوەر...تۆمەتەکەی لە دەستدرێژیکردنی سێکسیەوە بۆ سەر منداڵێکی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ، کە بەپێی مادەی ٣٩٣ و ٣٩٤ [یاسای سزادان] کە سزای ١٥ ساڵ زیندانیکردن تا سزای لەسێدارەدان دادەنێت، گۆڕی بۆ مادەی ٣٧٧ ، کە زیناکردنە.کاتێک لێم پرسی بۆچی ئەم کارەت کردووە، وتی گۆڕیم بۆ ئەم مادەیە، چونکە پیاوەکە خێزاندارە و هیچ سوودێکی نییە بەو شێوە سەختە سزا بدرێت کە خێزانی هەیەو دەبێت ئاگای لێیان بێت."**

هەرێمی کوردستانی عێراق، پابەندە بە هەموو ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە ناوچەیی و نێودەوڵەتیانەی کە عێراق پێوەی وابەستەیە. لەوانەش ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ژنان(CEDAW) کە عێراق لە ساڵی ١٩٨٦ بە هەندێک سنوورداریەوە پەسەندی کرد. ڕێککەوتننامەکە دەوڵەت پابەند دەکات بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی توندتیژی لەسەر بنەمای جێندەری. ئەم ڕێوشوێنانە بریتین لە چاکسازی یاسایی، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتی و دامەزراندنی خزمەتگوزاری پشتیوانی بۆ ڕزگاربووان.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت پشتگیری دارای زیاتر بکات بۆ ئەو دامەزراوانەی کە لە یاسای توندوتیژی خێزانی دانپێدانراون، وەک چۆن لە یاساکاندا پێوستی کردووە. پێویستە سەرچاوەی پێویست بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان تەرخان بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکەی و وەڵامدانەوەی پێداویستییە دەستبەجێیەکانی هەیە بۆ ڕزگاربووان. بە هەمان شێوە، پێویستە بودجە و پشتگیریی پێویست بۆ ئەو پەناگانە تەرخان بکرێت کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبرێن بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخە سەختەکانی ناو پەناگەکان. پێویستە مەرجی فەرمانی دادگا و داوکاری فەرمی تاونبار بۆ دەستڕاگەیشتن بە پەناگەکان هەڵبگیرێت، هەروەها پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بە سنووردارکردنی ئازادی ژنان و کچان لە ناو پەناگەکاندا؛ بەشێوەیەک کە هاوسەنگی نێوان سەلامەتی و ئازادییان بپارێزرێت. پێویستە پەناگەکان کارمەند و ئامێری پێویستیان هەبێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لەوانەش ڕاوێژکاری، خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی کە ڕزگاربووان لە کرۆکی پرۆسەکەدا دابنێت.

بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری زۆر گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جیاکاریی و نەریتە چەسپاوە جێندەریانەی کە پشکدارن لە زیادکردنی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری. دەسەڵاتداران دەبێ بەبێ دوو دڵی نەریتە جیاکارییەکان ڕەت بکەنەوە کە تاوانباران بۆ پاساوهێنانەوە و بە یاسایکردنی توندوتیژی دژی ژنان و کچان بەکاردەهێنن. هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی پێویستە تیشک بخەنە سەر هۆکارە بنەڕەتیەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری، کە ڕەگیان لە جیاکارییە جێندریە باوەکاندا داکوتیوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەم هەنگاوە بنچینەییانە بنێت تاوەکو دۆخی ڕاستەقینەی ڕزگاربووان هاوتەریب بکات لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان داوویانە.

# دەرئەنجام و پێشنیارەکان

هەرێمی کوردستانی عێراق هەندێک هەنگاوی ئەرێنی یاسایی بۆ پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەری ناوە بە تایبەتی توندوتیژی خێزانی، بەڵام زۆرێک لەو بڕگانە یان ناتەواون یان هەر مورەکەبی سەر کاغەزن. وەک لەم ڕاپۆرتەدا بە بەڵگەکراوە، ڕزگاربووان ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو، و هەندێکجاریش بەربەست دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری و پاراستن.

یەکێک لە بەربەستە جددیەکانی بەردەم بەرەنگاربوونەوەی نەریتی ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی لەسەربنەمای جێندەریی وخێزانی بێ لێپرسینەوەی یاسایی ئەوەیە کە ڕزگاربووان خۆیان دەبێ سکاڵای یاسایی لە دژی دەستدرێژیکارەکەیان تۆمار بکەن. داواکاری گشتی بە

دەگمەن یا هەرگیز، دۆسیەی تاوانبارکردن لە دژی دەستدرێژیکاران ناوروژێنێت، تەنانەت لە حاڵەتەکانی توندوتیژی جەستەیی توندا، ئەگەر سکاڵای کەسی لەلایەن ڕزگاربووەکە یان خێزانەکەیەوە نەبێت.ئەو ژنان و کچانەی کە سکاڵای یاسایی لە دژی دەستدرێژکارەکانیان تۆمار دەکەن زۆرجار ڕووبەڕووی تۆڵەسەندنەوە، هەڕەشە و تۆقاندن دەبنەوە لەلایەن دەستدرێژکار یان خێزانەکانیانەوە بەهۆی ئەوەی سکاڵایان تۆمارکردووە، زۆرجار ئامانج لەم گوشارانە فشارخستنە سەریانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سکاڵاکانیان.

جگە لەوەش پرۆسەی دادوەری تاوانبارکردن؛ خاو و درێژخایەنە و دادوەرەکان لەم کەیسانەدا لایەنگرییان بەرامبەر بە پیاوانی دەستدرێژیکار نیشانداوە، لەوانەش بە سەپاندنی سزا کە هاوتا نییە لەگەڵ قورسایی و سەنگی تاوانەکە. زۆرجار ژنان و کچان ڕووبەڕووی سووکایەتیکردن دەبنەوە لەسەر دەستی دادوەرەکان؛ بەوەی کە دادوەرەکان "یەکگرتنەوەی خێزان" بە لە پێشینەتر لە پاراستنی ژنان دەزانن، کە ئەمە هانی ژنان و کچان دەدات بە دوای دادپەروەریدا نەگەڕێن و وایکردووە زۆرێک لە ژن و کچان سکاڵاکانیان لە دژی دەستدرێژیکارەکانیان بکشێننەوە. جگە لەوەش، بەپێی یاسای توندوتیژی خێزانی، ژنان دەبێت بە ناچاری بە لیژنەیەکی ئاشتەوایی لەگەڵ دەستدرێژیکارەکەیاندا تێپەڕببن پێش ئەوەی دادوار دۆسیەی دادگایکردنەکە دەستپێبکات.

تەنها ئەو ژنان و کچانەی کە مەترسی دەستبەجێیان لەسەرە دەتوانن بچنە یەکێک لە سێ پەناگەی هەمیشەییەکان یان پەناگەی فریاگوزاری کاتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەروەها ژنان و کچان پێویستیان بە فەرمانی دادگا هەیە بۆ چوونە ژوورەوە و دەرچوون لە پەناگەکان، کە تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانرێت دابینبکرێت کە سکاڵایان لەسەر دەستدرێژیکارەکەیان تۆمار کردبێت. کاتێک لە پەناگەکاندان، ئازادی جوڵەی ژنان و کچان و دەستڕاگەیشتن بە تەلەفۆن و ئینتەرنێت بە توندی سنووردار دەکرێت .ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ بۆی دەرکەوتووە کە ئەم سنووردارکردنانە بۆ ئازادی هاتوچۆ و پەیوەندیکردن نەگونجاوە و و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی ڕزگاربووە. هەروەها ئەو بارودۆخە توندانەی کە ڕزگاربووان دەتوانن پەناگەکان جێبهێڵن، نیگەرانیەکانی بەهەرەمەکی لێسەندنەوەی ئازادیەکان دەوروژێنن.

توێژەرێکی ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ سەردانی دوو لە سێ پەناگە هەمیشەیی و پەناگە کاتیەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد. دەرکەوت کە پەناگەکان لە دۆخێکی خراپدان، قەرەباڵغن، کەم کارمەندن و ئامێری گونجاویان بۆ پێداویستییەکانی ڕزگاربووان نییە. هەروەها هیچ ستراتیژێکی دەرچوون لە پەناگەکاندا نیە؛ بەو مانایەی کە ڕزگاربووان دەتوانن لە پەناگەکاندا بمێننەوە بۆ ماوەیەکی نادیار. پەناگەکان هیچ ڕاهێنانێکی پیشەیی، خوێندن، یان هاریکاری دەروونی-کۆمەڵایەتی پێشکەش ناکەن، ئەم ژن و کچانە بەبێ پێداوویستی پێویست دەمێننەوە بۆ پشتگیریکردنی خۆیان لە دەرەوەی پەناگەکان؛ لە ئەگەری وەرنەگرتنەوەیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژی خێزانی، هەنگاوی کۆنکرێتی بنێت بۆ کۆتایهێنان بە ئەنجامدانی تاوان بێ لێپرسینەوەی یاسایی. بۆ ئەو مەبەستە، ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات:

## زیادکردنی بودجە

- تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان (یاسای توندوتیژی خێزانی)، لەوانەش دڵنیابوون لەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، بودجەی پێویستی لەبەردەست دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی و پاراستنی گونجاو بۆ ڕزگاربووان و شەکەت نەبوونی کارمەندەکانی بەهۆی کاری زۆرەوە.

## لێپرسینەوەی یاسایی

- دڵنیابوون لەوەی ئەو بنکەی پۆلیسانەی کە یەکەی سەر  بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی(DCVAW)تێدا نیە، ژینگەیەکی سەلامەت و نهێنی پارێز بۆ ژنان و کچان دابین دەکەن بۆ تۆمارکردنی سکاڵاکانی توندوتیژی خێزانی، و دڵنیابوون لەوەی هەموو جۆرە سکاڵاکانی توندوتیژی خێزانی تێیدا بەردەستە؛ وهەموو سکاڵاکان بە خێرایی و بێلایەنانە و کاریگەرانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

- چاکسازی لە چوارچێوەی یاسایی ئێستادا بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پرۆسەکانی ئاشتەوایی و نێوەندگیری مەرجی پێشوەختە نین بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی.

- دڵنیابوون لەوەی کە تۆمەتبارانی توندوتیژی خێزانی بەپەلە دەستگیر دەکرێن، لەو کاتانەشدا کە لە دەرەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و لە ناوچەکانی سەر بە عێراقی فیدراڵین، هەروەها ئەگەر بەڵگەی پێویست هەبێت، سکاڵای یاساییان بۆ دەربکرێت، تۆمەتباربکرێن و لێپرسینەوەی یاساییان بەپێی ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی لەگەڵ بکرێت؛ بەبێ پەنابردن بۆ سزای لەسێدارەدان.

- هەموو ئەو بەڵگانەی سەبارەت بە هەڕەشەکانی سەلامەتی بۆ ڕزگاربووان و مەترسیەکانی کاتی دەرچوونی تاوانبار بە کەفالەت لەبەرچاوبگیرێن.

- لێکۆڵینەوە لە هەر گومانێک لەلایەن چەسپێنەرانی یاساوە بکرێت، تاوەکو بتوانن بە خێرای، بێلایەنی و گاریگەرانە لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی توندووتیژی خێزانی بکەن.

- کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە سکاڵا، لێپێچینەو و سزاکانی توندوتیژی خێزانی، و بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە لە دارشتنەوەی یاساکان کە ئامانج لێیان بەرەنگاربوونەوەی ئەنجامدانی تاوانە بەبێ لێپرسینەوەی یاسایی.

- وەک لە یاسای توندوتیژی خێزانیدا هاتووە، دادگاکانی توندوتیژی خێزانی دابمەزرێنن، لەوانەش لەو ناوچە کارگێڕیانەی لە دەرەوەی ئەو بازنانەن کە لەلایەن دادوەرەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن و تەنها تایبەت بن بە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی.

- دڵنیابوون لەوەی کە بەڵێننامەکان سزایەکی گونجاو لەخۆدەگرێت، وەک لە یاسادا هاتووە، و ئەو جۆرە سزایانە لە حاڵەتەکانی سەرپێچکرندا جێبەجێ دەکرێت.

## بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری:

- دەسەڵاتداران لە بەرزترین ئاستدا پێویستە ڕوونی بکەنەوە کە دەسەڵاتەکانی چەسپاندنی یاسا و دەسەڵاتی دادوەری دەبێت ئەو نەریتە چەقبەستوو و ئایینی و جێندەریانە ڕەت بکەنەوە کە جیاکاری لە دژی ژنان و کچان دەکەن؛ نەهێڵن ئەمانە لەلایەن گومانلێکراوەکانی توندوتیژی خێزانی یان خێزانەکانیانەوە بەکاربهێنرێنین بۆ پاساوهێنانەوە، ڕەتکردنەوە و خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی ئەو توندووتیژیانەی ئەنجامی دەدەن.

- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی دەربارەی توندوتیژی خێزانی و جۆرەکانی تری توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری، لەوانەش هۆکارە بنەڕەتیەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری، کە ڕەگیان لە جیاکارییە جێندریە باوەکاندا، ستەمکردن و جیاکاریەوە، داکووتیوە.

- تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان دەربارەی یاسای سزادانی توندوتیژی خێزانی.

## پەناگەکان

- دەستبەجێ مەرجەکانی تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ڕزگاربووانی توندوتیژی خێزانی و هەبوونی مەرجی مەترسی دەستبەجێ وەک پێشمەرج بۆ چوونە ناو پەناگەکان هەڵبگرن و پاراستنی قوربانیان بە زووترین ماوە دابین بکەن.

- بەپەلە کۆتاییهێنان بە سنووردارکردنی هەڕەمەکیانەی ئازادی ژنان و کچان لە پەناگەکاندا، بە کۆتای هێنان بە مەرجی هەبوونی بڕیاری دادگا بۆ جێهێشتنی پەناگەکانیشەوە.

- باشترکردنی بارودۆخی ژیان لە پەناگەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ژنان و کچان دەتوانن بە شکۆوە بژین و هەست بە ناچاری نەکەن تا تۆمەتی دەستدرێژیکارەکانیان هەڵبوەشێننەوە بۆ ئەوەی لە پەناگە دەربچن.

- دڵنیابوون لەوەی کە ئەو ژنان و کچانەی کێشەی دەماریان هەیە ڕەوانەی پەناگەکان نەکرێن و پەناگەکان بەکارنەهێنرێن بۆ نیشتەجێکردنی ئەو کەسانەی کە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی بە تاوانبار سزادراون.

- هەموارکردنەوەی یاسا و هەنگاوە پراکتیکەکان بۆ دابینکردنی بودجە بۆ پەناگەکان بەجۆرێک کە کارمەندی پێویستیان هەبێت؛ پاراستنی ڕزگاربووانی توندوتیژی خێزانی؛ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، لەوانەش ڕاوێژکاری و خزمەتگوزارییەکانی دیکە؛ و دڵنیابوون لەوەی کە پەناگەکان ڕێڕەوێک دەگرنەبەر کە ڕزگاربووان وەکو کرۆکی پەناگەکان دەبینن.

- دامەزراندنی پەناگەکان بەپێ پێوەرەکانی جیاوازی تەمەن، جێندەر و ئاستی مەترسی.

- دڵنیابوون لەوەی کە ئەو منداڵانەی بەهۆی توندوتیژی خێزانیەوە لەگەڵ دایکیان لە پەناگەکاندا دەژین، دەتوانن دەستیان بە خوێندن و مافەکانی دیکە بگات، هەروەها بەرژەوەندییەکانیان هەمیشە لەبەرچاو بگیرێت.

- خێراکردنی لێکۆڵینەوەکان لەو حاڵەتانەی کە هەڕەشە لەسەر ژیانی ڕزگاربووەکە هەیە و ماوەیەکی زۆرە لە پەناگەکاندا ماونەتەوە. هەروەها ئەگەر بەڵگەی پێویست هەبوو، بەپەلە تۆمەتباران دەستگیربکرێن و ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕزگاربووان بتوانن بە سەلامەتی بژین ئەگەر پەناگەکە بەجێبهێڵن.

- دڵنیابوون لەوەی کە ئەو ژنان و کچانەی دەیانەوێت پەناگەکان جێبهێڵن، هاوکاری دەستەبەری کۆمەڵایەتییان پێدەدرێت، وەک لە یاسای توندوتیژی خێزانیدا هاتووە.

- تەرخانکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو ژنان و کچانەی کە پەناگە بەجێدەهێڵن و بێ ماڵوحاڵ ماوونەتەوە بەهەر هۆکارێک بێت، لەوانەش نەبوونی سەرچاوەی دارایی، ڕەتکردنەوەیان لەلایەن خێزانکانیانەوە یان بەهۆی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان بەهۆی ترس لە تۆڵەسەندنەوە.

## چارەسەری کاریگەر

• هاوتەریب لەگەڵ کۆتا تێبینیەکانی ڕێککەوتننامەی (نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ژنان CEDAW) لەسەر عێراق[1]، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هەردوو خزمەتگوزاری پزیشکی جەستەیی و دەروونی بۆ قوربانییەکان زیاتر بکات، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و چاکسازی، و دڵنیابێت لەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی دروست پشتگیری دارای دەکرێن و بەردەستن، هەروەها کارمەندان ڕاهێنانیان پێدەکرێت و کوالیتی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش دەکرێن بە بەردەوامی چاودێری دەکرێن.

---

[1] لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی جیاکاری لە دژی ژنان (CEDAW)، تێبینییە کۆتاییەکان: عێراق، ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩، UN Doc. CEDAW/C/IRAQ/CO/7، برگەی 20(c).

# ترسناک و خراپ

دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی عێراق شکست دەهێنن لە دڵنیابوون لەوەی کە ئەنجامدەرانی توندوتیژی خێزانی، لەوانەش حاڵەتە دڵتەزێنەکانی کوشتن، دەستدرێژی سێکسی، لێدان و سوتاندن، لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، هەروەها سنووردارکردنی هەڕەمەکیانە بەسەر ئازادییەکانی ڕزگاربوواندا کە داوای پاراستن دەکەن لە پەناگەکاندا، دەسەپێنن.

سەرەڕای گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی یاسای ئەرێنی لەلایەن حکوومەتی هەررێمی کوردستانی عێراقەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، لە کرداردا، ڕزگاربووان ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە دەبنەوە لە گەیشتن بە پاراستن و دادپەروەری لە هەرێمەکەدا. ئەم ڕاپۆرتە نەبوونی ویستی سیاسی لەلایەن بەشێک لە دەسەڵاتدارانەوە بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی توندوتیژی خێزانی ونەبوونی پێشکەشکردنی پشتیوانییەکی کاریگەر بۆ ئەو ژن و کچانەی کە داوای پاراستن لە دەسەڵاتداران دەکەن، دەخاتەڕوو.

ئەم ڕاپۆرتە بانگەوازێکە بۆ دەسەڵاتداران تاوەکو دەستبەجێ کۆتای بهێنن بە ئەنجامدانی تاوانی توندووتیژی خێزانی بێ لێپرسینەوەی یاسای، دڵنیابوون لەوەی کە لێکۆڵینەوەکان لە توندوتیژی خێزانی کاریگەرن و ڕزگاربووانن لە کرۆکی پرۆسەکەدا دادەنێن. پێویستە دەسەڵاتداران پرۆسەی ئاشتەوایی ناچاری وەک مەرجی پێشوەختە بۆ پرۆسەی تاوانبارکردن نەهێڵن. هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەکی دارایی زیاد بکات بۆ ئەو دامەزراوانەی کە پشتیوانی لە رزگاربووانی توندوتیژی خێزانی دەکەن و بۆ دەستڕاگەیشتن بە پەناگەکان، مەرجەکانی فەرمانی دادگا و سکاڵای فەرمی لاببەن، و بارودۆخی ژیانکردن لە پەناگەکاندا باشتربکەن.

**ئەنجامدانی تاوان بێ لێپرسینەوەی یاسایی، دامەزراوەی کەم بودجە پاراستنی ژنان وکچان لە توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لاواز دەکات.**